# توێژینەوەی زانستی



## چەمکی توێژینەوەی زانستی:-

مەبەست لە توێژینەوەی زانستی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێکی ووردبینە بۆگەیشتن بە زانیاریەکان.. زانستەکان... پەیوەندیە نوێیەکان،وە هەروەها دڵنیابوون لێیان و گەشە پێدانیان بە بەکارهێنانی ئەو ڕیگایانەی (ڕێیازانەی) متمانە بە ڕاستی و دروستیەکەیان کراوە.

توێژینەوە ئەو هۆکارەیە کە دەتوانین بە هۆیەوە بگەین بە شیکاری (چارەسەری) کێشەیەکی دیاریکراو ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و ووردبین بۆ ئەو بارودۆخەی پەیوەندیان بە کێشەکەوە هەیە.

# پێناسەی توێژینەوەی زانستی

وەبستەر: توێژینەوەی زانستی بریتیە لە لێکۆڵینەوە یان پشکنینێکی وورد بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە زانستیەکان یان ڕێسا زانستیەکان و دڵنیابوون لێیان.

ڤان دالین: هەوڵدانێکی ووردبینە بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئەو کێشانەی مرۆڤیان تووشی دڵەراوکێ و حەپەسان کردووە.

ڕۆمل: لێکۆڵینەوەیەکی (پشکنینێکی) ووردبینە بەمەبەستی دۆزینەوەی زانیاری نوێ وگەشەکردنی زانیارییەکانی ئێستامان و دڵنیابوون لێیان.



ماری ماگدۆنالد : ئەو پشکنینە (لێکۆڵینەوە) ڕێکوپێکەیە کە ئامانجی خستنەسەری زانیارییەکانی ئێستامانە، بەشێوازێك ئەنجام دەدرێت کە شیاوی گواستنەوەو بڵاوکردنەوەو گشتاندن بێت .

بریتیە لە کۆمەڵێك لە هەوڵی ڕێك وپێك کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بە شێوازێکی زانستیانە وە بە پێی یاسا زانستیەکان بە مەبەستی ڕوو بە ڕووبونەوەی کێشەکان.

# ڕەوشەکانی توێژینەوەی زانستی :-

دەتوانین ڕەوشی توێژینەوەی زانستی سنووردار بکەین بەو خاڵانەی خوارەوە :-

1. توێژینەوەی زانستی کارێکی ئاسان نییە بەڵکو ئالۆزەو پێویستی بە هەوڵ و تەقەلایە و پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی ووردبینە جگە لە دڵسۆزی ودەستپاکی لە شێکردنەوەی ،وە ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێ دەبێ ئاستی ژیری بەرز بێت و زانیاری هەبێ دەربارەی بنەماکان و ڕێگاکان و ڕێبازەکانی توێژینەوە .
2. هەموو توێژینەوەکی زانستی دروست ئاما نجەکەی زانینی ڕاستەقینەکان و وەسفکردن وشرۆڤە کردنی ڕوداوەکانە جگە لە ئاشکراکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ڕوداوەکان بۆ گەیشتن بە پرینسیپ و ڕێنمایی و یاسا گشتیەکان کە بەهۆیانەوە دەتوانین پێشبینی بکەین لە ڕوداوەکانی ئایندە چونکە پراکتیك کردنی تەنها بابەتی توێژینەوەکە ناگرێتەوە .

3. ئەو مەعریفانەی پێیان دەگەین نوێیەو خستنەسەرە بۆ مەعریفەی ئێستاو پێشوو دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە،واتە مەعریفەکە نوێیە بۆ کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە بابەتی توێژینەوەکە، جا لەبەر ئەوە هەر توێژینەوەیەك بە توێژینەوەی زانستی دادەندرێت ئەگەر مەعریفەکی نوێ نەخاتە سەر ئەو مەعریفانەی شارەزاکان و پسپۆڕەکان دەیزانن دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە.

4. توێژینەوەی زانستی خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندی گشتی دەکات نەك ئامانج و بەرژەوەندی تایبەت ، چونکە ئەنجامی توێژینەوە پراکتیك ناکرێ تەنها لەو هەڵوێست و دیاریدەو ڕووداوانەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدراوە،بەڵکو دروستە بۆ هەموو هەڵوێست و دیاریدەو ڕوداوەکانی هاوشێوەو لەکاتی جیاوازیش .

5. ئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی دەکرێ بڵاو بکرێنەوەو بگوازرێنەوەش بۆکەسانی تر، تا ئەوانیش دروستی ئەنجامی توێژینەوەکە بزانن بۆ دڵنیابوون لەگەیشتن بە هەمان ئەنجام کاتێ توێژینەوەکە دووبارە دەکەنەوە لە هەمان بارودۆخ .

6. لە توێژینەوەی زانستی ڕێگای ڕێکوپێك و یەك لەدوای یەك بەکاردەهیندرێت بۆ گەیشتن بە ئەنجام کە ئەویش پێی دوگوترێت ڕێگای یان ڕێبازی زانستی .

# بۆ چی رێبازی لێکۆڵینەوە؟

1- گرینگە کە دیراساتی خۆمان هەبێت نەک تەنها دیراساتی دەرەوە بهێنین.

2- بوونی پلان بۆ روبورووبونەوەی کێشەکانی تاك و کۆمەڵگا.وە هەروەها پلان بنەمای گەشەکردنی کۆمەلایەتی و ئابوری یە.

3-لێکۆلینەوەی زانستی یان بیرکردنەوەی زانستی تەنها لە ناو زانکۆکان و سەنتەری تایبەت بە لێکۆلینەوە نیە.



## ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی:-

1. وەسفکردن : - واتە تۆمارکردنی ئەو ڕوداوو دیاریدانەی کە تێبینیان دەکەین و هەستیان پێ دەکەین ، هەروەها تۆمارکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و پۆلین کردنی ڕەوشەکانیان و پەیوەندی نێوانیان، لێرە ( پێرسۆن ) دەڵێ ئامانجی توێژینەوەی زانستی بریتیە لە پۆلینکردنی ڕوداوەکان جگە لە زانینی پەیوەندی نێوانیان و چۆنیەتی ڕودانیان ،بەلاًم ( فیجل ) دەڵێ ئامانجی توێژینەوەی زانستی ئەو وەسفکردنەیە کە بەهۆیەوە دەگەینە پێشبینی کردن ،واتە پێشبینی کردن بریتیە لە ئەنجامی وەسفکردن بەلاًم وەسفکردنەکە دەبێ بە ڕێسایەکی دیاریکراو بێت .

2. ڕاڤە کردن : - ئەوەش بریتیە لە پشکنین و بەدواداچون بۆ هۆیەکانی ڕودانی ڕوداوەکان و دیاریدەکان ، بە ماناى زانینی ئەو بارودۆخ و مەرجانەی کە دەبێ بونی هەبێ تا ڕوداوەکە یان دیاریدەکە ڕوبدات ،هەر لەبەر ئەوەش زۆربەی فەیلەسوفەکانی زانست و زانایانی ڕێبازەکان (بەرنامەکان ) دەڵێن ڕاڤەکردن گرنگترین ئەرکەکانی زانستە وە ئامانجیکی سەرەکییە بۆ توێژینەوەی زانستی

3. گەیشتن بە مەعریفەو ڕاستەقینەی نویٚ: ئامانجی زانا لە تویٚژینەوەکەی گەیشتنە بە چەند ڕاستەقینەیکی زانستی نویٚ ،وە تەنها گەیشتن بەو ڕاستەقینانە ئامانجە لە خودی خوٚی ،هەروەك زانا (تولستوی) دەڵیٚ بەدەست هیٚنانی زانست لە پیٚناوی زانست،واتە ئامانجی لە بەدەست هیٚنانی زانست بوٚ ئەوە نەبوو کە سوودی لیٚ وەربگیریٚت یان پراکتیك بکریٚ .

4. پیٚشبینیکردن : - بەمانای بەدەست هیٚنانی چەند ڕاستەقینەك و ڕوداویٚکی نویٚ لەو ڕاستەقینە گشتیانەی کە پیٚی گەیشتوین و داڕشتاوە لە شیٚوەی یاسا زانستیەکان و ئەگەری ڕودانی هەیە لە ئایندە ،ئامانجی کوٚتایی تویٚژەر لە تویژینەوەکەی تەنها ئەوە نییە کە بگات بە یاساو ڕاستەقینە گشتیەکان بەلکو بوٚ ئەوەیە سودیان لیٚ وەربگیریت بوٚ پیشبینیکردنی ئایندە ،بوٚنمونە پیٚشبینی بکەین لە دیاریدە سروشتیەکان وەك باران بارین ، ڕەشەبا ،بومەلەرزە ..........هتد تا مروٚڤ خوٚی ئامادە بکات بوٚ خوٚ پاراستن لەو دیاریدانە، جگە لە دیاریدە مروٚیی و کوٚمەلاٚیەتی و تەندروستی و ئابوریەکان .

5. کۆنترۆڵکردن : - بە مانای کۆنترۆڵ کردنی ئو بارودۆخە و مەرجانەی کە دیاریدەیەکی دیاریکراوی تیا دەردەکەوی بۆ بەدەست هێنانی دیاریدەکە،بەمانای ئەوەش دێت کۆنترۆڵکردنی هەموو توانستە سروشتیەکان و دەست بەسەر داگرتنی لە پێناوی خزمەتکردنی مرۆڤ، ئەوەش پاشی زانینی ئەو یاسایانەی کە کۆنترۆڵی سروشتیان کردووە .

6. چارەسەرکردنی کێشەکانی زانستی و مرۆیی :- ئامانجی تویێژینەوەی زانستی دۆزینەوەو گەیشتنە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشە مرۆیی و زانستیانەیە کە دەبنە ڕێگر لە پێشکەوتنی مرۆیی و زانستی ،هەر بۆیە زانایان هەمیشە هەوڵ دەدەن چارەسەری لەبار بدۆزنەوە بۆ ئەو کێشانەی ڕێگری دەکەن لە پێشکەوتنو هەڕەشە دەکەن لە ژیانی مرۆڤ ، یان ئەو کێشانەی کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری مرۆڤ کەم دەکەنەوە .

# مەبەست چی یە لە فێربوونی شێوازە جیاوازەکانی لێکۆلینەوەی زانستی؟

1- مەبەست لە مەنهەجی لێکۆلینەوەی زانستی ئەوەیە کە رێگایەکی زانستی ریکخراوە بۆ رووبە روو بونەوەی کێشەکانی رۆژانەو کیشە گشتی یە کان. دەتوانین ئەمانەی خوارەوە ئە نجام بدەین:

- دیاری کردنی کێشە بە شێوەیەکی ورد
- دانانی گریمانەی دروست
- دیاری کردنی کاری پێویست بۆ تاقی کردنەوەی گریمانە

2- دیراسەت کردنی شێوازو ڕێگاکانی لێکۆلینەوەی زانستی یارمەتی دەرە بۆ دیراسەت کردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کەسانی تر ئە نجامیان داوە.

3- بۆ ئە نجامدانی هەر کارێك بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پێویستیمان بە لێهاتویی لە لێکۆلینەوەی زانستی هەیە. بۆ نموونە لە پیشەی ژمێریاری, پێویستە پشت بە لێکۆلینەوەی زانستی ببەستین لە وردی تۆمارکردن و گواستنەوەی ژمارەکان و شیکردنەوەی داهاتەکان.



4- بۆ هەڵبژاردنی کارو پیشەمان پێویستیمان بە توانای بیرکردنەوەی زانستی هەیە. بۆ نموونە کەسێك دەیەوێت پیشەی ئەندازیاری هەڵبژێرێت دەبێت (الدراسات المسحيه) ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بزانێت ئەو پیشەیە لەگەڵ توانا و ئارەزووی ئەو دەگونجێت یان نا.



5- ئايە مافی ئەوەمان هەیە کە بپرسین: ئایە پێویستیمان بە بیرکردنەوەی زانستی هەیە یان نا؟ دیراسەت کردنی شێوازەکانی لیکۆلینەوەی زانستی مانای بەکارهێنانی شێوازی زانستی یە بۆ بیرکردنەوە. ئایە کرێکارێك پێویستی بە بیرکردنەوەی زانستی هەیە؟ ئایە ئەندازیارێك پێویستی بە بیرکردنەوەی زانستی هەیە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە وەکو ئەوە وایە کە بپرسین, ئایە پێویستیمان بە وردی هەیە لە کارەکا نمان؟ ئایە پێویستمان بە پلان هەیە؟ ئایە پێویستیمان بە تاقی کردنەوە هەیە؟



# پاڵنەرەکانی توێژینەوە زانستی:

1- **پاڵنەری خۆیی کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

- خۆشەویستی بۆ زانیاری و زانین
- خۆ ئامادەکردن بۆ پلەیەکی زانستی
- بە دەست هێنانی خەڵات
- بەرزکردنەوەی پلەی زانستی
- پەیوەست بوون بە کاری فەرمانبەری
- خۆش ویستنی ناوبانگی و بەدیارکەوتن
- بەشداری کردن لە کۆنفراس و کۆبونەوە نێودەولەتیەکان

2- **پاڵنەرە بابەتیەکان کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

- بوونی گیر و گرفت ( ئابووری , سیاسی یان کارگێری )
- سەرهەڵدانی پێداویستی نوێ
- ئارەزوو بۆ زیاد کردنی بەرهەم وە چاککردنی جۆری بەرهەم
- ئارەزوو بۆ زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی
- ئارەزوو بۆ پێشبینی کردن

# جۆرەکانی توێژینەوە:

1. بەگوێرەی گۆرەپانی توێژینەوە:

- توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان وەکو پەروەردەیی, مێژوویی, ئابووری, کۆمەلایەتی ...هتد

- توێژینەوەی زانستی سروشتی وەکو بیرکاری

2. بەگوێرەی پرۆگرامی توێژینەوە:

ئەمەشیان دابەش دەبێت بۆ توێژینەوەی مێژویی, بەراورد, وەسفی وە تاقی کردنەوەیی

3. بە گۆێرەی شوێن:

- گۆرەپانی و تاقیگەیی

4. بەگوێرەی سروشتی داتاکان

-چەندێتی و چۆنیەتی

# جۆرەکانی توێژینەوە

أ/ توێژینەوەی بنەرەتی
یان توێژینەوەی تیۆری

ب/ توێژینەوەی کرداری